# رەنگێك كە نیشتیمان نەیبوو ..!

**دلاوەر قەرەداغی**

**بۆ هونەرمەند**

**ئازاد شەوقی**

خولیام بوو جارێکیتر بتبینمەوە

جارێکیتر لەژێر گوێسوانەی ماڵە دوور دوورەکەتا بنیشمەوە

ئەمجارەیان جگە لە شێرزاد حەسەن،

ئیسماعیل و تەیرەکانی گوتیان:

" بمانبە! ئەمجارە ئێمەیش دێین....!"

ئەمجارەشیان وەکی جارەکانی تر هەر تۆ دەدوێیت و

ئێمەش هەر باڵین و هەر بارانین و هەر بینین!

ئەمجارەشیان هەر تۆ دەڕژێیت و
ئێمەیش وەك گەڕەكێك منالّی لاسار
لێكدا لێكدا بە ژوورو پێپلیکانەو
هەیوان و ژێرزەمین و
سەربان و بانیژەو حەوشەو کون و کەلەبەری
ئاسمانی تابلۆکانتا
رادەکەین و دەنۆڕین و دەفڕین و
پێدەکەنین و دەبارین.

بە شێرزاد دەڵێم:
مامۆستا چۆن چۆنی لە زەنگی دەرگاکە بدەین
کە دڵی ئەو رەنگە ئازیزە رانەچڵەکێ و
لەخۆڕا قەترەیەکی نەپرژێ؟
چما بڵێی ماڵەکەی هێند جێگاو رێگای هەبێ
کە بەشبکا بۆ شاندایانی حوزنی ئێمەو
بۆ قریوەی پێکەنینەکەی تۆو
بۆ لەباوەشگرتنی فڕینی هەڵفڕین؟

خولیام بوو جارێکی دی بتبینمەوە

ئەی ڕەنگێك هەمیشە ئامێزت والآ
بتبینمەوە لەشار، لەژێر هەتاودا
خولیام بوو لە قەرەباڵخیی لای سەعات شەش و نیوەکانی
بەردەم مەکتەبەی سلێمانیدا بتبینمەوە
کە دونیا بۆنی ئەڤین و بۆنی چاکانی کاك عومەری شەعب و
بۆنی ڕەنگەکانی جەزا بەکر دەگرێ.

خولیام بوو جارێکی تر بتبینمەوە
ئەی قەدیسێك هەمیشە ئامێزت والآ
بتبینمەوە لەبەر باراندا
بتبینمەوە لە بەیانییەکدا کەهەردووکمان لە پاسێکدا
تۆ تەڕ بەڕەنگی گەش و من تەڕ بە شیعری شەرمن
لای فولکەی سێوە مزرەکانەوە دادەبەزین و کەدێینە خوار
کیژێك بەلاماندا تێدەپەڕێ و
لە دڵی خۆیدا دەڵێ:
خودایە ...چ بوو واکوت و پڕ
سینگم  بە بۆنی بەهەشت تژیی بوو؟

خولیام بوو جارێکی دی بتبینمەوە
ئەی ڕەنگێك هەڵکردوو لەشیعری مندا

ئەی خەمێك ڕاكشاو
لەسەر مسۆدەی یەكەمین نامەی دڵداریی
ئەی مناڵێك هەمیشە سەرسوڕماو
لەودیو پەنجەرەكانەوە
ئەی پیاوێك هەمیشە ئامێزت واڵا!

من نیگەرانم كە بێمەوەو ببینم لەوێ نیت
كە بێمەوەو ببینم باوەشێكی ترم لێ كەمبۆتەوە
كە بێمەوەو ببینم ڕەنگێكی ترم سەفەری كردووە
كە بێمەوەو ببینم شیعرێكی ترم دیارنەماوە
كە بێمەوەو ببینم
كۆڵانێكی ترم چووە بۆ پیاسەی دوور

ئەی ڕەنگێك هەمیشە باوەشت واڵا
ئەمجارەش دێین
ئەمجارە جگە لەشێرزاد حەسەن،
ئیسماعیل و تەیرەكانیشیم لەگەڵدێن
ئەمجارەیان خەمگین ترین لەجاران،
ئەمجارەیان دڵمان گەڵێك ناسكترو سەرو ریش و باڵمان
شەلاڵترە بەجێگەپێی بەفرو بەجێگەباڵی خەون و

بەجێ زامی باران
ئەمجارەیان تووڕەترو ئارامترو
قەرەباڵخ ترو بێدەنگ ترین لەجاران.

لە ترومبێلەکەدا بەشێرزاد دەڵێم:
مامۆستا ... با زۆر بەئەسپایی
وەك نیشتنەوەی پەڕەسێلکەیەك
لەدەرگای ماڵەکەی کاك ئازاد بدەین!
ئەو پێدەکەنێ و وەڵامم دەداتەوە:
باشە چاوەکەم .... وادەکەین!

سەرەتای **2003**

*